www.kurdistannet.org
25-2-2003 12:18

# كارزاێكێش بۆ كوردستان

د. ئافراسیا هەورامی

– ئایا كەركوك و خانەقین و مەندەلی. . . . دابەش دەكرێن.

– كە هەڵسوكەتی پارتە دەسەڵاتدارەكانی كوردستانی باشوور وەڵامدەری ویستی گەلی كورد و كۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەبووە، دەبێ ڕێگای چارەسەركردنێكی تری بۆ بدۆزێنەوە. ئێمڕۆ زۆر زەحمەتە باوەڕی ئەوە بكرێت كە ئەگەر بڕیارێكی نێودەوڵەتی نەبوایە و بەشێكی كوردستانی باشوور نەپارێزرابایا و كوردیەكانی هەر لە چیا بوایان و ڕژێمە داگیركەرەكەی بەغدا هەموو هێز و وزەی خۆی پاش تێشكانە سەر شۆڕەكانی ( شەڕی عێراق و ئێران و داگیر كردنە كوەیت) دەیهێنایە كوردستان. ئێستا چ بەسەر گەلی كورد و كوردستان هاتبوو و هەموو ڕاپەرینێكی نوقمی خوێن و چەند گوند و شاری تری كوردستانی كاول، و چەند تەعریب و تاوانی تری، چەند ئەنفالی تر و چەند جاری تر چەكی كیمیاوی دژی گەلی كورد بە كار هێنا بوو. و ئاشكراش بوو كە نە هێزە كوردسەكان و بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشەوە نەیاندەتوانی ئەو ڕژێمە فاشی و میلیتاریزە لاواز بكەن، و یا بیروخێنن لانی كەم شتێك كەروی ئەدا وازی بوونی هێزە كوردیەكان بەو ئۆتۆنۆمیە نیوچڵەی جاران بگرە كەمتریش بوو.

كە پێشبینی هیچ كەسێكیشدا نەبوو ئەو ڕژێمە ئەوەندە وا لاواز و زەلیل و كەنفەت و بێئابرو بكرێت ( كە باشتر بوو لە ڕوخاندنی یەكجارەی) . ڕژێمی بەعس و پاش بەعسیش نەیاندەهێشت كورد پەرلەمان و ئالاّ و حكومەتی هەرێمی هەبێت و بە گشتی ئەوەی ئێستا هەمانە و ئەو بوارەی كەلەم یانزە، دوانزە ساڵە بەبێ دەس تێوەردانی دەوڵەتی ناوەندی عێراق هەمان بوو بگرە نیوەشی هەمان بێت.

ئاواتی هەموو كوردێك (لە هەموو بەشەكانی) بوو كە ئەو ڕژێمە لەوەی ئیمڕۆ بەسەریدا هاتووە خراپتری بە سەربێت. گومان لەوەدا نیە ڕژێمەكە دەڕوات و هەر ئەوە دەمێنێت دەسەڵاتدارەكان و تاوانبارەكانی دادگای نێودەوڵەتی بكرێن و سزای هەموو تاوانەكانیان لێ بسێندرێتەوە.

ئاوات و ویستی هەموو كوردێكیش ئەوە بوو و هەیە كە پارت و ڕێكخراوە كوردیەكان لە گەورە و بچوكیانەوە بگرە تا كەسایەتی و ڕوناكبیر و بێلایەنی بە هێزبن و لە پشت یەك و برای یەك و دەسەڵاتێكە یەكگرتویان پێكهێنابایە و كۆمەڵانی خەڵك زیاتر لە دەوریان كۆببێتەوە و دەنگ و ناوی كورد بەرز بكەنەوە و بە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی خۆمان نیشانمان دابایا كە ئێمەش شیاوی هەموو مافێكین، دیارە زۆرشت چاوەڕێ دەكرا كە لە كوردستانی باشوور بكرێت كەجێبەجێكردنیان لە ئیرادەی كورد نەبووە و داگیركەرانی كوردستان یا كۆمەڵگای نێودەوڵەتی پاڵپشتمان نەبوو یا یارمەتیان نەداین. كۆمەڵانی گەلی كوردیش لە هەڵە و كەموكوڕیەكانی دەسەڵاتداریەتی كورد بگرە بە تاوانەكانی ڕابور دوو شەڕی براكوژی و هتد چاوپۆشی دەكرد هەندێك لە ڕوناكبیر و كوسایەتی و لایەنی كوردی لە دەرەوە و لە ناوەوەی كوردستان هێندە پەروەرش و بە دڵسۆزیەوە چاوەڕێی ڕوداوەكانی كوردستانی باشووریان دەكرد و هەستیان بەپەرسیارەتی دەكرد بە نامە نووسین و وتاركە هاندەرو ڕێنۆسنی كەڕ بوون خۆیان لە ڕخنەگرتنی توند و ڕاست وخۆ و یا دژایەتی كردن پاراست نەوەك كۆمەڵگاكەمان زیاتر توشی ئاڵۆزی بێت و دژی هێزە كوردییەكان یا دەسەڵاتدارانی كورد هان بدرێن و دوژمن كەلكی لێوەربگرێت و پێناخۆش بێت ئەویش هەمووی بۆ ئەوە بوو بەڵكو سەرئەنجام كۆتایی بە دوبەرەكی و دابەشكردنە بێت و كورد بێتە خاوەن دەسەڵات یا كیانێك. (لەوێش گەری كە هەوڵدانەكانی خودی كورد بۆ ڕێكخستنیان لەگەڵ هەوڵدانی دۆستان و تەنانەت نێونەتەوەیش ڕێزی لێنەگیراوە و بەرهەمی تەبووە) ئەو دەسەڵاتە یەكگرتوویا كیانە لە دەستی خودی كورد بوو واتە دەستی داگیكەران یا دەستی دەرەكی تیانە بوو تا بەرگری لە جێبەجێكردنی بكرێت.

ئالێرە مرۆڤ مەترسی لە چارەنووسی ئەو چەندە هەرێمانە (كەركوك و خانەقین و مەندەلی و. . .) دەكات كە دەكەونە چوارچێوەی جوگرافیای كوردستانەوە و ئیمڕۆ لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعسن و سبەینێ ئازاد دەكرێن. ئایا ئەوانیش وەك هەولێر و سولەیمانی و.

. . دابەش دەكرێن كە هەر لـە كۆنەوە مرخ و هەلسیان لـەسەر گرتن هەردولا بەرپرسیاریان بۆداناوون؟ ئایا بەشەربێن لـەسەریان و كورد چاوەڕێی تراژێدیایەكی دیكە دەكات؟ ئەگەر لـە 1991–2003 دوو دەسەڵاتی هەولێر و سولـەیمانی یەكیان نەگرت و بە تەما نین یەكبگرن چۆن چاوەڕێ دەكرێت لـەوێ یەكبگرن یا بە شێوەیەكی ئاشتیانە دابەشسمان بكەن؟ ئایا ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی یا ڕژێمی نوێی عێراق ئەهێڵن؟ هەڵوێستیان چی دەبێت؟ ئایا دوو پارتە دەسەڵات دارەكەی باشوور ئەوەندە مینەیان ئامادە كردووە و یا بێتو بەڵگەیان بە دەستی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی و ڕژێمی داهاتووی عێراق و تورك نەداوە كە نابێ لـە ژێر دەسەڵاتی كورددا بێت و یا لانی كەم بەڕێوەبەرایەتیەكی تایبەت و بۆ تێكەڵی بۆ دروست بكەن؟ و سەرئەنجام نەهێڵن كەركوك بكەوێتە چواچێوەی هەرێمی كوردستانەوە؟ ئایا لـەو ناوچە و هەرێمانە بەتایبەت كەركوك دەتوانن دەسەڵاتێكی هاوبەش پێش ڕوخاندنی ڕژێم دیاری بكەن؟ ئا خود بیدەنە دەستی مرۆڤێكی بێلایان و هەردوولا بریاری لـەسەر بێت و پشتیوانی لێ بكەن؟ یا دوو پارێزەر و. . . جیا جیان ئامادە كردوە؟ ئایا هێزە و كەوادیری پێویستیان ئامادە كردووە؟ ئایا ئاوارەكانیان ئامادە كردوە بە خێوەت و كەرەسەی پێویست و چۆنیەتی گواستنەوەیان بۆ ئەوێ؟ ئایا وێنە و بەڵگەی كۆن و نوێیان ئامادە كردووە؟ ئایا دەتوانن لـیستەی عەرەبە بە جێكراوەكان بخەنە بەردەستی كورد و كۆمەڵگای نێودەوڵـەتی؟

ئایا داوا لـە ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی كراوە كە نابێ سوپای تورك بێتە كوردستانی باشوور بە تایبەتی كەركوك؟ و چ هەنگاوێك بۆ بەرەو ڕوبەڕو بوونەوەی پیلانی توركیا وەرگیراوە؟ و مەرجی هاوكاری و هاوپەیمانیەتی كورد لـەگەڵ ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی دەبێ چۆن بێت كە توركیا دەست لـە كاروباری باشووری كوردستان نەدات.

ئایا ئەو دووبەرەكییە و دوو دەسەڵاتیە وای نەكردووە كە هاوپەیمانان و هەم كورد بۆ خۆشی داوا بكات كارزایەكی كورد بۆ كوردستانی باشوور دابنێن كە دوریش نیە كارزایەكیشمان بۆ دانەنێن و بەڕێوەبەرایەتی كوردستان و بە گشتی عێراق بدەنە یا بیخەنە دەستی ئەفسەرانی سیاسی یا كۆمیسەرانی هاوپەیمان یا نەتەوە یەكگرتووەكان یا چارەنووسمان بدەنە دەستی ڕژێمی ناوەندی. پاش نەمانی سەدام و یا دەبێ لانی كەم پۆستەكانی دەسەڵات بە چەشنێك نێوان پارت و ڕێكخراوە زۆرەكانی كوردستان بە كەسایەتی و مرۆڤی بێلایان كوردەوە دابەش بكرێت كە هەردوو پارتە سەرەكێكە پێكەوە لـە نیوەی كەمتری پۆست و كورسییەكانین هەبێت، تا نەتوانن بارودۆخەكە تێك بدەنەوە و سیاسەتی پارتەكەی خۆیان بەسەر كۆمەڵگادا فەرز بكەن. كۆمەڵگای كوردیش پێویستی بە داموو دەزگایەكی ڕێكوپێك و یەكگرتوو هەیە و لـەسەر بنەمای پارتایەتی پێك بێت لـەبەر ئەوە ئەزمونی پاش 1991 نیشانیان دا كە نە دەسەڵاتێكی یەكگرتووی هاوبەش نەویست و نە ڕێگەی دەنگ دانەوە ئەو پارتیەی كە زۆرینەی دەنگی هێنایەوە بەرپرسی پێكهێنانی حكومەتی خۆی بێت و ئەو پارت و یا پارتانەشی كە كەمینەی دەنگیان هێنا وە مل بە تێشكانی خۆیان بدەن یا بە واتێكی تر ڕێز لـە دەنگدان كۆمەڵگاكەیان بگرن و خۆیان بۆ هەڵبژاردنی تر ئامادە بكەن، و سەرئەنجام بە نۆرە دەسەڵات بگرنە دەست. بەم ئەم دوو سیستمە هیچكامیان لـەو ماوە دوورو درێژە ڕەچاو نەكراوە. وەك هەندێ وڵاتیش كە فرە ئۆلی یا نەتەوەن ( دابنێن ئیمارەتەكانی سۆران بادینان دوو نەتەوەی جایاوازن یا دوو ئۆلی جیاوازن) كە بەس پەیمان یا بە پێ یاسای بنچینەیی دەسەڵات دەبێ سەرۆكی دەوڵـەتەكە سەر بە نەتەوەیی لـە ئۆلی 1– وەك سەرۆكی كابینەی حكومەت لـە ئۆل یا نەتەوەی2– چ وەك سەرۆكی پەرلـەمان لـە ئۆلی یا نەتەوەی ئا یا ب بێت و هتد.

لای هیچ گەلێك یا بزوتنەوەیەكی ڕزگاریخواز كە نیشان و گەلـەكەی دابەش كرابێت و كیانی نەبێت و دانی پیدا نەنرابێت ئەویش لـەژێر پشتیوانی و پاراستنی هێزێكی دەرەكی یا نێونەتەوەیی بێت دوو دەسەڵات دابمەزرێت. سیستێمی دوو دەسەڵاتی لـە زووەوە لاتی سەربەخۆ هەبووە كە لـە ئەنجامی گێرە و كێشەی نێوان دەوڵـەتی ناوەندی و ئوپۆزیسوێن دورست بووە یا وڵاتێك وەك كۆریا و یەمەن ە ئالـمان هەركام دوو دەوڵـەتیان هەبووە و ڕەسمیش دانیان پێ نراوە، بەڵام ئێمە دوو دەوڵـەتمان نەیە سەربەخۆیان نییە و كەس دانی پێ نەناوین هێشتا دەڵێن لـە چوارچێوەی دەوڵـەتێكین كە ئەو دەوڵـەتە دەوڵـەتێكی عەرەبی ناسراوەو ئەویش لـە بەشێكی

کوردستان و ئەو بەشەش هێشتا هەمووی نەکەوتۆتە ژێر دەستی خودی کورد بۆتە دوو بەشەوە ( باسی بەشی ژێر دەستی ڕژێم و ئەوەی کە هەندێ هێزی ئیسلامی و تورکمان و. . . داوای دەکەن یان دەسەڵاتێکیش هەیە ناکام) واتە ئەو دەوڵەتەی ئێمە لە فەرهەنگ (قاموسی) هیچ گەلێکا نەبووە و نیە. ئەمە هەوڵدانێکە بۆ یەك خستنەوەی هەموو پارچەکانی تری کوردستان. ئەمە ئەزمون و وانەیەك و بۆ بەشەکانی تری کوردستان. ئەمە بۆ ئەو کوردستانە و شەهیدەکانی کە سوێندی لەسەر دەخۆن. ئەمە ئایا تا چ ڕادەیەك لەگەڵ پەڕە و پرۆگرام و دروشم و بانگەوازەکانی ئەو پارتانە یەك دەگرێتەوە؟ ئەی ئەگەر سبەینێ بۆ زۆربەی لایەنگر و ئەندامی ئەو پارتانە ڕوون بێتەوە و بەکردەوە بۆیان دەرکەوێت کە درۆیان لەگەڵ دەکرێت و بەرە بەرە ڕێزەکانیان بەجێ بهێڵن و هێزێکی نوێ پێك بهێنن و یا بچنە ڕێزی هێزی ترەوە؟

ئایا بیری لەوە کراتەوە خوانەخواستەسبەینێ توشی هەرەسێکی تر بین و بەرپرسیایەتیەکی زۆربەشی دەکەوێتە سەرشانی پارتە گەورەکان ؟ ئایا دەزانن کە زۆربەی ئەو خەڵکەی کە پەروازەی هەندەران بوون و ژمارەیەکی زۆریان کەوتونەتە ناو ئاوەکان و مردن و قاچاخچیەکانی تورك وەك پەز مامەلەیان پێدەکەن و. . . زۆربەیان لەبەر شەڕی براکوژی و نادیاری بارودۆخەکە و بێباوەڕی بە دەسەڵادارەکانی کوردستان نیشتمانی خۆیان بەجێ دەهێڵن؟ هەزاران هەزار منداڵ بە هۆی شەڕی براکوژییەوە هەتیو و بێناز کران، ئیتر باسی ژن و دایك و برا و خوشك و خزمەکانیان کێ بەرپرسە؟

ئایا یەکێك لە ئەنجامەکانی شەڕی برا کوژی و نەبونی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و دەست تێوەردانی داگیرکەرانی تری کوردستان کە پارت و ڕێکخراوەی سەربەخۆیان پێك هێنا بۆ ئاژاوەیان پێنانەوە و ئیمڕۆ و نیمچە دەسەڵاتێك هەیە و شەڕیشیان نایەوە و دەست بەرداریش نین؟

ئایا چ ئەندامێکی سەرکردایەتی یا دەسەڵاتدارانی پارتەکانیان لە پۆست و کورسیەکەی خۆی کەڵکی وەرگرت و جاریدا کە دژی شەڕی براکوژی یا دوو دەسەڵاتییە؟ کامەیان ئامادە نەبوون دەستوری شەڕی براکوژی جێبەجێ بکات؟ کامەیان بە نیشانەی پرۆتێست و بێزاری وازی لە پۆست و کورسییەکەی هێنا؟ خۆپیشاندانی ڕێکخست یا ڕێپێوان و مان گرتنی ڕێکخست؟

لە یەکتر کوشتن و دیل لەیەکتر گرتن و ڕاونانی یەکتر و دەست بەسەرماڵ و سەروسامانی یەکترگرتن و ئاژەی یەکتر فراندن و داربڕینی یەکتر. بەدگویی و بوختان کردنی یەکتر لای دۆست و دوژمن و سەرئەنجام گۆش کردن و پەروەردە کردنی ئەندام و لایەنگرەکانیان بە هۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە کەسی چوار جیلیان بارهێناوە و سڕینەوە یا لابردنی تەمەنێکی دەوێت تا ئەم فەرهەنگەیان نەمێنێتز چەندەزەحمەتەماتی شەڕ یا هیتووچۆی یەك کردن و کۆبوونەوەی هاوبەش کردن یا ڕەخنەگرتن لەرابوردویا و داوای لێبوردن کردن لە گەلەکەیان ( کە هەموویان باشن) واتە بەدەم و بەبێ کردەوە مانایان نیە و پاکانەشیان بۆ ناکرێت بەڵکو بە کردەوە و بە نیشاندان و هەنگاو هەڵگرتن دەبێت کە هەموو کەس هەستی پێبکات بۆ ئەوەی خەڵك بە وورە و بە هێوایەکی بەهێزەوە ئامادەی خزمەتی وڵاتەکە و دەسەڵاتەکەی خۆی بێت.

پرسیارێکی تر کە پێویستە بکرێت ئەوەیە، بەڵێنی یەکگرتنیان داوە و بەتەمان یەکبگرن و هەنگاویشی بۆ ناوە و ئەم یەکگرتنەیەش درەنگ یا زوو دەبێ سەربگرێت یا یەکیان پێ دەگرن بەڵام ئایا باشتر نەبوو لە بەردەورو کەرامەتی خۆیان پێش روخانی سەدام یەکیان گرتبایا و خۆیان بۆ ڕوبورووبونەوە یا کێشەکانی تری پاش گۆڕینی دەسەڵات ئامادە کردبایا؟

ئەگەر ئۆپۆزسوێنی عێراقی یەکنەگرن (کە کورد پێخۆشە یەکبگرن و کێشەی کوردیش بە ئاشتیانە چارسەر بکرێت) گرنگینە چونکە ئەوان کیانێکیان هەیە پێی دەڵێن دەوڵتی عێراق وڵاتێکی زۆری عەرەبیان لە پشتە بەڵام کوردەکە کیانی نیە تا سبەینێ ئەگەر کودتا یا شۆڕشێکی تێدا کرا کیانەکەشی بمێنێتەوە، دوژمن و نەیارەکانی دەوڵتی عێراق هەوڵی گۆڕینی ڕژێمەکە دەکەن بەڵام نەیار و دوژمنی ئێمە هەوڵی لەناوبردنی ئێمەی کورد و سڕینەوەی وشەی کورد و کوردستان ئەدەن، هەوڵی ئەوە ئەدەن و زۆرجاریش بەگەلەکومە کە کورد بێناسنامە و بیچماف بێت و بمێنێتەوە.

هێشتا پلانەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لـە عێراقی پاش سەدام ئاشکرا نەبووە و سیاسەتی کوردی ئەمریکا لـە باشووری کوردستان لـەوانەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا ڕانەگەیەندرێت، بەڵام بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگردرێت. هە چۆنێك بێت گوشار و هەڕەشەیەکی تر بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو لـە کوردستان پێویستە و پێدەچێت کە تەنیا فاکتەرێکی دەرەکی دەتوانێت بەم ئەرکە هەڵسێت و مسۆگەر و گەرانتی بکات.

موسکۆ 5/2/2003

* حامید کارزای سەرۆکی دانراوی ئەفغانستان چاش لـەناوبردنی حکومەتی تالـەبان دەسەڵاتی درایە دەستی کە شکەستێکە گەورە و سوکایەتی بە هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئەفغانستان.

تیبینی کوردستان نیت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لـە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003